کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا
هەولێر، عێراق

بڵاوکراوەی ڕاگەیاندن
13 ی ئەیلولی 2015
هەولێر
بڵاوکردنەوەی دەستبەجێ

کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە هەولێر ڤیزەی کۆچ نادات

کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا خۆشحاڵە زانیاریەکانی پێدانی ڤیزە ڕوون بکاتەوە دوابەدوای ئەوەی هەندێک لە ڕاگەیاندنە عێراقیەکان بەهەڵە بڵاویانکردەوە کەوا کونسوڵخانەی گشتی ئەمەریکا لەهەولێر داواکاری ڤیزەی کۆچ وەردەگرێت.

کونسوڵخانەی گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە هەولێرئەداواکاری ڤیزەی کۆچ وەردەگرێت وە نە ڤیزەی کۆچیش دەدات. بەڵکو هەموجۆرەکانی ڤیزەی کۆچ لە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لەبەغداد بەڕێوەدەبرێن. بۆ پرسیار لەسەر ڤیزەی کۆچ ، کە دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی مافی نیشتەجێبونی هەمیشەیی لەئەمەریکا، سەردانی ماڵپەڕی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا بکەن لەڕێی ئەم لینکەوە.

http://iraq.usembassy.gov/iraq/immigrant_visas.html

کونسوڵخانەی گشتی ئەمەریکا لەهەولێر داواکاری بۆ چەندین جۆری ڤیزەی ئاسایی (جگە لەڤیزەی کۆچ) وەردەگرێت بەمەبەستی سەردانکردنی ئەمەریکاوەکو ڤیزەی گەشت و ،ڤیزەی سەردانی بازرگانی و ، ڤیزەی خوێندکارو ڤیزەی کاتیی کارکردن. ڤیزەی دیپلۆمات و فەرمی بەشێوەیەکی بەردەوام تەنها لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغداد دەدرێت.

داواکاری ڤیزە دەبێت لەڕێی ئەنتەرنێتەوە پێشکەش بکرێت.چوپێکەوتنی ڤیزە دەبێت لەڕێگەی بەکارهێنانی سیستەمی مەوعید دانانی ئۆنلاینەوە(ئەنتەرنێت) دیاری بکرێت کە بەردەستە لەڕێی ماڵپەڕی کونسوڵخانەی گشتیەوە.

کونسوڵخانەی گشتی ئەمەریکا ئەپەیوەندی بەهیچ کۆمپانیایەکی گەشت وگوزارەوە هەیەوە ئەکاریان لەگەڵ دەکات بەمەبەستی ئامادەکردنی داواکاری پێشکەشکردن بۆ ڤیزەیان بۆ دانانی کاتی چوپێکەوتنی ڤیزە. ئێمە بە پێویستی ئازانین پەناببردرێتە بەرنوسینگەکانی گەشت وگوزار بۆ ئامادەکردنی داواکاری بۆ پێشکەش کردن یان دانانی کاتی چوپێکەوتن. فۆرمی داواکردنی ڤیزە دەبێ لەلایەن داواکارەکە خۆیەوە پڕبکرێتەوە نەوەک لەلایەن کۆمپانیای گەشت وگوزاریان کەسی سێیەمەوە. ڕسومانی ڤیزە تەنها 160 دۆلارەوەدەبێت لەڕێی لقەکانی بانکی بەغدادەوە بدرێت.

کونسوڵخانەی گشتی ئەمەریکا هانی هاوڵاتیانی عێراق دەدات کە بۆیەدەستهێنانی زانیاری لەسەر ڤیزە سەردانی لاپەڕەی فەرمی کونسوڵخانە بکەن،وە بۆ نوێکردنەوەی نوێترین زانیاری لەسەر ڤیزە چوپان لەسەر لاپەڕەی فەیسبوکی کونسوڵخانە بێت.

###